# بۆ کاک فایەق گوڵپی

## دەست لە تۆمەتسازی بەردە، ئەگەر ئەتوانیت دیفاعیکی موتەمەدینانە بکە!

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

لە ماڵپەڕەکانی دەنگی سەربەخۆو دەنگەکان لە وەڵام بە نووسینێکی مندا کە تیایدا ڕەخنەم لە تێروانینو پراکتیکی ڕەوتە سیاسیەکەی گرتووە کاک فایەق گوڵپی ووتاریکی بڵاو کردۆتەوە گوایە وەڵام بە چەند دەستەواژەی من دەداتەوە، بەڵام جگە لە پەنا بردن بۆ تۆمەتسازیو بە خائینکردنی بەرامبەر نووسینەکەی هیچ ڕوونکردنەوەو وەڵامێکی ڕاستەقینەی لە خۆی نەگرتووە. من بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئامانجی نووسینەکەم چییە دەمەوێ کەمێک لەسەر ئەو بەڵگانە قسە بکەم کە ئەو گوایە بۆ ڕەتکردنەوەی وتارەکەی من هێناویەتیەوە.

کاک گوڵپی لەم وەڵامەیدا دەڵێت کە ئەو یارمەتیانەی پەکەکە لە خەڵکی کۆدەکاتەوە کۆمەکی خۆبەخشانەی خەڵکە کە لەسەر داوای پەکەکە پێشکەشی دەکەن. ئەگەرچی دەزانم ڕاستو دروستی ئەم ئیدیعایە تا کوێیە، بەڵام پێویستم بەوە نییە بەڵگەی ماددی زیاتر لەوەی کە کاک فایەق خۆی باسی کردووە بهێنمەوە. من ڕەخنەی توندم لەو عیبارەتە گرتبوو کە دەڵێ ئەم کۆمەک کردنە ئەرکێکی نیشتیمانیو نەتەوەییە. هەموو کەس لەم دەستەواژانە حاڵییە، کاتێک باس دێتە سەر ناساندنی ئەرکی نیشتیمانی بوارێک بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەو کۆمەکی خۆبەخشانە نامێنیتەوە.

کاک فایەق نموونەیەک دێنێتەوە گوایە کۆمەکی بە حیزبی ئێمە کردووە کاتێک لە عیادەکەی سەردانی کراوەو داوای لێ کراوە. دیارە ئەمە ڕاستیەکەو ئێمە ئەوانەی بیانەوێت کۆمەک بە ئێمە بکەن دەچینە لایانو ئەمە سەرچاوەیەکی داهاتی حیزبی ئێمەیە. بەڵام دەکرا کاک فایەق لە جیاتی ئەوەی ئەم ڕووداوە بۆ ڕەکردنەوەی ڕەخنەی من بەکاربهێنێت، کەمیک لەو شێوازەی ئێمە کۆمەکی پێ وەردەگرین فێرببوایە. من تەنها ئەم پرسیارە ئاراستەی کاک فایەق دەکەم، ئایا ئەگەر هاوڕییانی ئێمە لە جیاتی ئەوەی بۆ شوینی کاری هاتبوون، بە چەکەوە بهاتنایەتە سەر ماڵەکەیو پییان بووتایە هاتووین کۆمەکمان بکەیتو ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانیو نەتەوەیی تۆیە کە ئەو کۆمەکە بدەیت، ئایا ئەم کردەوەیەی ئێمەی بە چی دادەنا؟ کاک فایەق تۆ خۆت کە سەرکردەی حیزبێکیت، لەسەر ئەنتەرنێتو بۆ بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکە بەم زمانە بنووسیت، دەبێ پێشمەرگەو ئەندامەکانتان لەگەڵ خەڵکی بێ دەرەتانی ئەو بنارە جۆن قسە بکەن؟

من لەسەر بناغەی نووسینی خۆت ناوی ئەو "کۆمەک وەرگرتنەم" ناوە جەردەیی سیاسی، ئەگەر ئەمەی لە ووتاری دووەمتا ڕاستی کۆمەک کۆکردنەوەی ئێوەیە لە خەڵکی بناری قەندیل، لە وەڵام بە سایتی سبەیو ڕادیۆی جەماوەر دەکرا بە سادەیی بڵێیت کە خەڵک خۆیان کۆمەکمان دەکەنو ئێمەش سوود لەو کۆمەکە وەردەگرین کە دۆستانمان دەماندەنێو بەشێکی یان هەرهەموویو هێندەی تریشی دەخەینە سەرو دەیکەینە خەرجی خزمەتگوزاری ناوچەکە، یان دەتتوانی لەوەش زیاتر باسی کەمکاریەکانی حکومەت بکەیتو ئەوە ئاشکرا بکەیت کە چۆن ئێوە بەو بڕە کۆمەکە کەمە توانیوتانە ئەو هەموو خزمەتگوزارییە پێشکەش بە خەڵکی ئەو ناوچەیە بکەن. بەڵام کاتێک دێیتو وەک هەر دەسەڵاتێکی تری سەرکوتگەر ئەرکە نیشتیمانیەکانمان بۆ دەژمێریتو ئەوەمان بیر دێنیتەوە کە چۆن جاران یەکێتیو پارتی بە زۆر خۆیان بە خەڵکی لادیکانی کوردستان بەخێو دەکرد ئێوەش بۆتان هەیە وا بکەن، ڕیگە بە منیش بدە کە بەو جۆرە کارو هەڵسوکەوتتان هەڵسەنگێنم.

کاک فایەق تۆ لە وتاری یەکەمدا دەنووسیت: ***بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نیە بە فەرمی ئەم حزبە بناسێت نەوەک مانگانەدە دوانزە ملیۆن هاوکاری بکات .من لێرەدا بە ڕاگەیاندنەکانی باشوری کوردستان دەڵێم ئەگەر ئێوە بە تەنگ داهاتی ڕەوەندەکانی بناری قەنیلەوە دێن، حکومەتی هەرێم ڕازی بکەن هاوکاری مادی و سیاسی یاسایی (پ چ د ک) بکات، با ئێمەش دەست لە وەرگرتنی هاوکاری لەو ڕەوەندانە هەڵبگرین***. کەواتە بە پێچەوانەی ئەم ئیدیعایەی لەم ووتارە نوێیەتدا لە ژێر زەبری ڕەخنەدا دەیکەیت، ئەو کۆمەک وەرگرتنە

داهاتی ئێوەیەو دەکرێت بە 10-12 ملیۆن بەخشیشی حکومەتی هەرێم قەرەبوو بکرێتەوە. ئەگەر ئێوەو پەکەکە چەند هێندەی ئەو کۆمەکە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە خەرج دەکەن، ئەم ئیعتیرافە سەریحەی پێشووی خۆت مانای چییە؟ یانی ئەگەر کۆمەک وەرگرتن لە خەڵکی بناری قەندیل بۆ خۆیان خەرج دەکرێتەوە، بۆچی خەریکن ڕاگەیاندنەکانی کوردستان دەکەنە وەسیت بۆ ئەوەی 10-12 ملیۆن دینار لە پارەی زەوتکراوی دەستی یەکێتیو پارتیتان پێ بدەنو بەم جۆرەش ئەو کۆمەک کۆکردنەوەیە لە خەڵکی بناری قەندیل کۆتایی پی بهێنن.

گەلیک لەوە نارەحەتن کە بەم کارەتان دەڵێم جەردەیی سیاسی. ئەمەی کە خۆت لە ووتارەکەتدا دەیڵێیت دانپیدانانێکی ئاشکرایە بەو ڕاستیەدا. سەیری کە: تۆ سەرەتا ئەمە بە ئەرکی نەتەوەییو نیشتیمانی خەڵک دادەنێیت کە پارە بە پەکەکە بدات، یانی بە مانایەکی تر خەڵک فەرزە لەسەر سەری کە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی ئەم کارە بکات، دەنا مایەی سوپاسگوزاریش نییە. پاشان پاساو لە مێژوی پارتیو یەکێتی دەهێنیتەوە بۆ ئەم کارەتانو دەڵێیت چونکە پەکەکە فرسەتی نییە وەک یەکێتیو پارتی دەست بە سەر داهاتی کوردستاندا بگرێت بۆیە بۆی هەیە وەک جارانی ئەوان خۆی بە خەڵک بەخێو بکات. دوای ئەوەش ئامادەیی نیشان دەدەیت کە واز لەو کارە بهێنن بە مەرجێک پارتیو یەکێتی لە داهاتی زەوتکراوی خەڵکی کوردستان بەشتان بدەن. بەوەشەوە ناوەستیتو زمنیەن بڕەکەش دیاری دەکەیت کە 12 ملیۆن دینارە، ئەمە ئیتر بە بارمتە گرتنی خەڵکو داواکردنی فدیە نەبێت چییە؟

لە باسی شوبهاندنی ئەم تەقالیدانەش بە تەقالیدی تیرۆریزمی ئیسلامی نیگەرانیتو لە بەرامبەردا قسەیەک دەکەیت کە سەرووبنی تۆمەتسازیەو ڕەوشتی دەستەو دەسەڵاتە سەرکوتگەرو فاشیستەکانە بۆ سەرکوتکردنی بەرامبەریان. با من هەندێک لەو کردەوانەی پەکەکەت بۆ بژمێرم کە لە هی تیرۆریستە ئیسلامیەکان دەچێت ئەو کاتە دێمە سەر وەڵامی پڕ بە پێست بەم تۆمەتسازیەت.

پەکەکە تاقە هێزی کوردستانە کە کردەوەی خۆکوژی ئەنجامداوە، ئەو تەمجیدەی پەکەکە بۆ خۆسووتاندنی کچۆڵەو لاوانی کوردزمان دەیکرد لە کاتی دەستگیرکردنی ئۆجئالان قووڵایی بێنرخ بوونی ئینسانی لە دیدی پەکەکەدا دەردەخست. ئێوە بەو سیاسەتی بە بەنزین خۆسوتاندنە کە شیوازیکی زۆر دزێوی نارەزایەتی دەربرین بوو لە ڕاستیدا چەندە سەرنجی خەڵکتان بۆ کێشەی خەڵکی کوردستانی تورکیا ڕاکێشا، هێندە زیاتر خەڵکتان لەو جووڵانەوەیەی داوای ئازادی خەڵکی کوردستانی تورکیا دەکات تۆقاند. پەکەکە تەنها هێزیکی کوردستانییە کە لە ئەورووپا بە شێوەی مافیایەک هەموو ئەو بیزنیسانەی لە لایەن کوردزمانانی تورکیاوە بەڕێوە دەبرا مەجبوور دەکرد (تا ئێستاش ئەمە بە ڕاددەیەک درێژەی هەیە) کە پارە بە پەکەکە بدەن. پەکەکە لە ساڵانی 97و 98 لە کوردستانی عیراق منداڵانی 9 ساڵو 10 ساڵی ئیختیتاف دەکردو لە بارەگا چەکداریەکانی خۆی مەشقی سەربازی پێ دەکردنو تا ئیستاش لە ئەرشیفی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئەو فلیمانە ماون کە منداڵان پاش ئازادکردنیان (کە بە زەبری کەمپینی سەرکەوتووانەی حزب بۆ ئەو مەبەستە ئازادکران) موعاناتی خۆیان لە ماوەی ئیختیتاف کردنیان دەگێڕنەوە. ئەم تەقالیدو هەڵسو کەوتانە ئەگەر لە هی تیرۆریستە ئیسلامیەکان ناچێت، ئەی لە هی کێ دەچێت؟

کاک گوڵپی من دووبارەی دەکەمەوە پەکەکە وەک هەر ڕەوتیکی تری ناسیۆنال-فاشیست هیچ بایەخێک بۆ تاکو هەڵبژاردنە ئازادەکانی دانانێتو ئینسان بە برغووی ماشێنی "شۆڕش" دەزانێت. هەموو کوردزمانان بۆ پەکەکە ماتریاڵی گەیشتن بە ئامانجەکانیەتی بۆ بوون بە دەسەڵات. لەو هەڵسوکەوتانەو لە مێژووی کردەوەکانی پەکەکەوە دەردەکەوێت کە بۆ پەکەکە هەر ڕێگایەکو پەنا بردن بۆ هەر چەشنە توندو تیژیەک بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات ڕەوایە. لەم بابەتەوە پەکەکە لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامی فەرقیکی نییە. بەڵام هەڵگێڕانەوەی ئەم قسەیەو دانانی لە پاڵ تەبلیغاتی دەوڵەتی تورکیا کارێکە کە ئێوە بە دانستەو لەگەڵ ئەوشدا کە دەزانن بێ ناوەرۆکە دەیکەن. هەر بیرهێنانەوەی هەڵوێستی ئێمە وەک حیزبو وەک جووڵانەوە سەبارەت بە هەڕەشەی سەربازی تورکیا، جەنگی پارتیو یەکێتی لەگەڵ پەکەکە لە 92دا، لە بەرامبەر ئیختیتافکردنی ئۆج ئالانو سەبارەت بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیاو بانگەواز بۆ ریفراندۆمێکی ئازاد کە خەڵک تیایدا ئایندەی خۆی دیاری بکات.....هتد بەسە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان ڕوون بکاتەوە.

تۆمەت داتاشینو بە خائین کردنی بەرامبەر ڕێگایەکە کە هەمیشە هێزو دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان پەنای بۆ دەبەن. کاک فایەقیش وەک پەیڕەویکی ڕیبازی پەکەکە توانایەکی باش لەم بوارەدا نیشان دەدات. لە تێروانینی کاک فایەقەوە مادەم بەرامبەر کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەی پەکەکەو پێداگیریەکی لوتبەرزانەو بێباکانەی کاک فایەق وەستاومەتەوە، ئیتر هەموو شتیک ڕەوایە بەرامبەرم بکرێتو

بووتریت، له تێڕوانینی ئەودا دەبێت وەک کەسێک کە دەیەوێت دڵی گورگە بۆرەکان خۆش بکاتو پشت بکاتە ستەمو چەوسانەوەی خەڵک نیشان بدرێم. دیارە بە بوچوونی کاک فایەق هەرکەس بە پەکەکەی ووت بەری چاوت کلە خائینەو دەستی لەگەڵ دوژمنانی کورددا تێکەڵە. سەیر لەوەدایە هەر پاش ئەم قسانەش ئێمە بەوە وەسف دەکات کە بەرامبەر ناخوێنینەوەو هەر خۆمان قبووڵە.

کاک فایەق وەک ئەوەی تاپۆی چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستانی خستبێتە گیرفانی ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە لە ڕەوتی پەکەکە، ڕاستەوخۆ یەکسان دەکات بە دوژمنایەتی کردنی کێشەی خەڵکی کوردستان. کاک فایەق زۆر باش ئەوە دەزانێت کە وەستانەوەی ئێمە لە بەرامبەر فیدراڵیەتی کوردستان هاوتایە لەگەڵ داواکاریو سیاسەتی لە میژینەمان بۆ بەرپا کردنی ریفراندۆمو دەربازکردنی کۆمەڵگای کوردستانی عیراق لەم هەلومەرجەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی غەیرە قەومیو سکولار لە کوردستان. یەکسان کردنی ئەم هەڵویستە بە هەڵوێستی ئەوانەی لە لوتکەی شۆڤینیزمەوە بانگەشەی دەوڵەتیکی عروبی-ئیسلامی دەکەن لە عیراقو دەیانەوێت کوردستان بخەنەوە ژێر پێلەقەی دەسەڵاتیکی وا خۆڵ لەچاوکردنیکی ئاشکرایە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕاستیو ڕاستگۆییەوە نییە.

کاک فایەق پرسیاریک لە خۆی دەکات کە مەبەستی شەماڵ لە نووسینەکەی چییە، و پاشان بە پێکەوە نانی کۆمەڵیک تۆمەتو بە بەکارهێنانی تیئوری پیلان بە شوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێت. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئامانجی نووسینەکەم زۆر ڕۆشنە. من بە سادەیی نووسیومە کە ئەوە قبووڵ نییە کە ئێوە کۆمەکی خەڵک بە حزبەکانتان بە ئەرکی نیشتیمانیو نەتەوەیی بزانیو داوام کردووە کە ئەم شیوازە لە گوشار هێنان بۆ خەڵک، ئەو قەرسەنە سیاسیە کۆتایی پێ بهێنن. ئەگەر خەڵکی کوردستان لە 16 ساڵ تەجروبە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردایەتی دەرسێکی وەرگرتبێت ئەوەیە کە بەم خورافاتی ئەرکی نەتەوەییو نیشتیمانیو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییە باوەڕ نەکات. ئەوەی لە سەروو هەموو شتێکەوەیەو ناکرێت بە هیچ بیانوویەک ژێر پێ بنرێت ئازادیو هەڵبژاردنە ئازادەکانی ئینسانە. ئەوەی ئەمڕۆی خۆی لەگەڵ دوێنێی پارتیو یەکێتی بەراورد دەکات، سبەینێشی لەم ڕۆی پارتیو یەکێتی پرشنگدار تر نابێت.

ڕەوتو کەسانێک کە وەک کاک فایەق بیردەکەنەوەو کار دەکەن، هەرچەندە خۆیان بە بەشیک لە ناڕەزایەتیو هەوڵی ئاڵگۆڕی جەماوەری کوردستان دەزانن. بەڵام گوفتارو کرداریان دەریدەخات کە ئەوان دۆستی درۆینەی خەڵکن. شەڕیان لەگەڵ دەسەڵات لەسەر ئازادیو بەختەوەری خەڵک نییە، بەڵکو لەسەر بەشێکە کە دەیانەوێت بە هەر شێوازێک بێت، تەنانەت بە بارمتە گرتنی خەڵکی بناری قەندیلیش لە دەسەڵاتی بپچڕن. پاڵنەری ڕاستەقینەی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی بەرامبەر دەسەڵاتی ئێستای کوردستان ئازادیو خۆشگوزەرانیانە، ڕەوتێک، کە هێشتا لە دەسەڵاتدا نییە خەڵک بە خوڵامی خۆی دەزانێت، لەم ناڕەزایەتیانەدا نابێت جێگای هەبێت. ناسیۆنالیزمی ناڕازی لەناو ناڕەزایەتی بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا فاکتەری شکستە.

07-08-01